## کارین بووکی کوردان
# کرمانجی قسان دەکاو هەموو خواردنێکی کوردیش دەزانێ

ئا: بەدرخان- سوید

باڵابەرزو تێگەیشتووە، دەڵێی تەمەن ٥٠ساڵەیە، زۆر گران و شارەزایە لەبوارەکانی ئابووری و ڕێکلام و خواردن دروستکردن، بەڵام کە دەکەوێتە گفتوگۆ لەگەڵ کارینی بووکا کوردان ئینجا تێدەگەی کە ئەو تەنها تەمەنی٣٥ساڵەو هێشتا هەر لاوە، ڕووخۆش و دەم بەخەندە و بەئاگا لەکاری ڕۆژنامەنووسی و شارەزا لەبواری ئابووری و ناوماڵ، بەتایبەتی لەخواردن لێنان و ڕێکلام کەزۆر پسپۆرانە دروستیان دەکات، بۆ بەشی ڕێکلامی"SVD" کە ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی سویدیە کاردەکاو ئەندامی ستافی نووسینە لە SVD. جگە لەو کارانە، کارین خاتوونێکە بە قسان بەزمانی کوردی شێوەزاری کرمانجی دەکاو کرمانجییەکی جوان قسان دەکات، هەستناکەیت سویدییەو کوردی قسان دەکا. کارین هاوسەرو هاوژینی گۆرانی سارایەو، خاتوو کارینی سویدی لەوەڵامی پرسیارێک کە بەدرخان لەماڵەکەی خۆیان لەسوێد لێیدەکا، ئاخۆ چۆن دەڕوانێتە کلتوری کوردان. کارین بووکی کوردان دەڵێ: زۆر بەختەوەرم بەتێکەڵبوونم لەگەڵ کورد، بەتایبەتی هاوژینم گۆران کوردە، بەهۆی هاوسەرەکەوە ئاشنای زمان و کلتووری هەموو شتەکانی دیکەی کوردان بووم بەڕاستی کورد هەمووشتێکیان جوانە، تەنیا کوشتنی ژنان نەبێ لەسەر نامووس پەرستی.. سەبارەت بەخواردنی کوردەواری کە لێمان پرسی، کارین گوتی: من هەمووجۆرە خواردنێک دەزانم کەوا کوردان دەیخۆن و حەزی لێدەکەن، بەتایبەتی"ساوار و گەنمەکوتاو کاردی و کەنگرو هەمووجۆرە خواردنێکی دیکەی کوردەواری"...

کارین لە ڕۆژنامەی ڕۆژانەی" SVD"کاردەکات وهەموو ڕۆژانی هەینی ستوونێکی لە ڕۆژنامەکە هەیەو پسپۆرە لەبواری ڕێکلام کردنی خواردن و سەبارەت بەمەش ئەو گوتی:"من کاری ڕۆژنامەنووسی بەگرنگ دەزانم و بۆیە ژیانی خۆم تەرخانکردووە بۆ"گۆران و SVD "من دەخوازم کار بۆ کوردان بکەم و کلتوری سویدی و کوردی بەیەکەوە گرێبدەم. هەروەها کارین لەبارەی ئەزموونی ڕۆژنامەنووسی و ئەو پرسیارەی کە چ بکرێت بۆئەوەی کاری ڕۆژنامەنووسی لە کوردستان بەرەو ئاقارێکی پرۆفیشناڵ بڕوات، کارین گوتی: بەڕاستی دەبێ هاریکاری کوردان بکرێت لەم ڕووەوەو وۆرک شۆپیان بۆ بکرێتەوەو هاریکاری تەواو لەنێوان میدیای سوێدی و کوردستان بکرێت، بۆئەوەی زیاتر ڕۆژنامەوانی و کاری ڕۆژنامەنووسی کوردی بەرەو بە ستانداربوون بڕوات، سەبارەت بە نەتەوەی کوردیش، کارین گوتی: کورد میللەتێکی بەوەفاو ڕاستگۆو سەر ڕاستن، دەخوازم لەگەڵ میللەتانی دیکە تێکەڵ ببێ و کوردانیش بگەن بەمافی خۆیان، هەروەها سەبارەت بە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخانیش، کارین گوتی: هیوادارم بتوانین زیاتر لێکحاڵی بین و ئەو ئیشانەی دەیکەن زۆرباشەو دەستخۆشیتان لێدەکەم، بەڕاستی ئەو چەندژمارەی مانگنامەی بەدرخان و ئەوکتێبانەی کە چاپتانکردوون، من لێرە بینیم، ئەوە دەسەلمێنێ کە دەزگایەکی پڕکارو چالاکن هیوای سەرکەوتن و بەرەوپێشچوون بۆ دەزگاکەتان دەخوازم و هیوادارم کە جارێکی دیکەش لەسوێد بەیەکەوە شادببینەوە.



کارین بە ساواری کوردی و ڕازاندنەوەی ماڵەکەی بە مافووری کوردەواری پێشوازی لە کوردان دەکات- ٢٠٠٧ سوید

# مەملەکەتی "میرامار"

ئا: بەدرخان-ئەڵمانیا

هەرکە دەچیتە گەرماوەکانی ئەڵمانیا، بەتایبەتی"ساونا"لەدەرگای پێشەوە بەخەتێکی گەورە نووسراوە"چۆن لەدایک بوویت، ئاوا وەرە ژوورەوە!!

"کاتێک بەنێو کوڕو کچ و پیرەژن و پیرەمێردەکانی گەرماوەکە دەسوڕێیتەوە، هەست بەوە دەکەیت، بەڕاستی ئەوە بەهەشتی سەر دنیاو پاکبوونەوەی جەستەو ڕۆحە، ئەو شوێنە، شوێنی پەرییان و عاشقان و هەموو ئەوانەیە کە جەستەیان ڕەقبووەو لەبەرامبەر بوخار و ژوورەکانی پلەی گەرمای"٤٥، ٨٥، ٩٠"پلەی سەدی و مەلەوانگەی گەرم و ئاوە ساردەکانیەتی..

ئەو ساونایە بەمرۆڤ دەڵێ: چۆن بەرووتی لەدایک بوویت، ئاواش دەتوانی بەئازادی پاش گەورەبوونت، خۆت نیشانی خۆت بدەیتەوە..

ئەو دیمەنانەی لەوشوێنانە دەبینی، زۆر ئاساییەو شتێک نییە لەو وڵاتانە ناوی عەیبە بێ، لەوکاتەدا شتێکم بیرکەوتەوە کە لەکۆمەڵگای ئێمەی ڕۆژهەڵاتی ئەگەر دوو منداڵی رووت ببینین، کچ و کوڕ بن، یەکسەر دەڵێین:

کۆشتان داپۆشن تەنهاش بۆ کچەکەو عەیبەکە هەر بۆئەوە.

ئەودیمەنانەی کە لەوێ دەیبینی تەنها هونەری لەبەرگرتنەوە نییە، بۆئەوەی خۆمان بەکۆپیکراوی بینینەوە، بەڵکو هەموو دیمەنەکان ڕاستەقینەیەو بەچاوان دەبینرێت و دنیای خەیاڵ نییە، واقیعەو بەچاوی ئێمەی ڕۆژهەڵاتیش لەخەونێ دەچێ!!.

لەکۆتاییدا دەمەوێ بڵێم چەند ساڵمان پێویستە بگەینە ئەو قۆناغە وشیارییەی کە نێرومێ بەیەکەوەو بە رووتی بسووڕێنەوە، بەبێ ئەوەی کەس دەستدرێژی بکاتە سەر ئەویتر و کەسیش سەیری یەکتر بکات.

نەخوازەڵڵا تیروتوانج ئەمە لەکاتێکدا لە"میرامار"هیچ حیسابێک بۆ"حەورەت و عەیبە، زیناو بەکافربوون و بە زەندیق بوون......."ناکرێت و بگرە سەدان وشەی ئاوا لە فەرهەنگی باوی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی، لەوێ بوونی نییە.



ئێرە شوێنی حەوانەوەی مرۆڤە لە ڕۆژئاوا

# هەیاسە لە بەدرخان چ باسە؟!

ئامادەکردنی: بەدگۆ

● ڕۆژنامەکان بەتایبەتی ڕۆژنامەو هەفتەنامە ئەهلییەکانی سلێمانی، کاتێ کە بابەتێکی یەکێ لە نووسەرەکانی هەولێر بڵاودەکەنەوە، بەتەنیشت ناوەکەوە دەنووسن: فلان کوڕی فلان- هەولێر، وەک ئەوەی هەولێر ئەوروپابێت و کوردستان نەبێت، ئەگەر ئاوابێت دەخوازین کە ڕۆژنامەکانی هەولێریش لەبەرامبەر بابەتەکانی ئەوان هەمان شت دووبارە بکەنەوە، هەروەها لەلایەکی ترەوە، هەندێ لە ڕۆژنامەنووسەکان فێربووینە، بابەتێک دەنووسن لە دووسێ ڕۆژنامان بڵاوی دەکەنەوە، هەر بۆ دەهەزارێکی بریمەر، توخوا ئەمە، ئەوە دەهێنێ؟!.

● ژنێک فنجانێک قاوەی بۆ بەرپرسێک تەنها بە بڕی"١٠٠٠"دۆلار گرتۆتەوە، هەر ئەوڕۆژە ژنێک لەناو بازاڕ دوو وەرەقەی ساختەی دۆلاری بەدەستەوە دەگیرێ و، پاش هێنان و بردن و سین و جیمێکی زۆر، ژنەکە ئاشکرا دەکات کە لە یەکێ لە بەرپرسەکانی وەرگرتووەو بەمشێوەیە دۆسیەکە دادەخرێتەوە؟!.

● خەڵکێک پێیانوابوو کە بەدرخان خۆی مردار کردووەو ئەو باوکەی جارانی مرد، بەڵام بەچقڵی چاوی ئەو کەسانە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان لەدوا گەشتی بۆ فێستیڤاڵی جیهانی کتێب لە فڕانکفۆڕت چەندین داوەتنامەی لە ئەوروپا لەگەڵ خۆیدا هێنایەوە!!.

● دوای لەسەر نووسینی و چەندجارێک داواکردنەوەی پارەکە، تائێستا زایەر عەبدوڵڵا قەرزەکەی بۆ بەدرخان نەهێناوەتەوە کە بڕی"٥٠٠$"ئەمریکییە، بۆیە ناچارین کە زایەر و هەموو ئەوکەسانەی کە پارەیان بەقەرز لە بەدرخان وەرگرتووە، ئەگەر بەزووترین کات پارەکە نەگەڕێننەوە، ناوەکانیان و بڕی پارەی قەرزەکە بڵاوبکەینەوە!!.

● لەدوای بڵاوکردنەوەی فایلێک و لێکەوتنەوەی خۆ کوشتنی هاوڕێ نەمەڵی، ئێستا ڕۆژنامەکان چیتر جورئەت ناکەن کە فایل و مایل بڵاوبکەنەوە، دەترسن کە ئەویش هەمووی دروستکراوبێت، چونکە بەپێی قسەی برادەران لەو فایلەی کە بڵاوکرایەوەو ناوی هاوڕێ نەمەڵی تێدابوو، هەمووی دروستکرابوو لەلایەن یەک کەس نووسرابۆوەو هیچ مۆرێکیشی پێوەنەبوو!!.

● برادەرێک لەسوێد چووبووە ماڵی شێرزاد هەینی، ئەو برادەرە لەژیانیدا بۆ یەکەمینجار فلچەو مەعجوونی بەکارهێنابوو چونکە ئەو برادەرە لەکوردستان سەری زار و بنی زمانی، عەولەمەو کۆمەڵگای مەدەنییە، بۆیە وای لاجوان بوو کە بۆ یەکەمینجار لەژیانیدا فلچەو مەعجوون بەکاربهێنێت!!.

● نووسەرێکی کورد لە کەنەدا دادەنیشێ و ئەندام مەکتەبیشە لە یەکێ لە حیزبەکانی کوردستان و هەموو مانگێک حەوسەد و پەنجا هەزاری کاش وەردەگرێت، ببوورن براکەی دەچێت لەجیاتی ئەو وەردەگرێت، شایەنی باسە زۆر نووسەری لەم بابەتە هەنەو باسیش لە گەندەڵی و مەندەلی دەکەن لەکوردستان!!.

● زۆرکەس پێشووتر لەسەر بەدرخان دەیانخوێندوو، ئێستاش دۆستی گیانی بەگیانی بەدرخانن، ئەوە دنیایەو زۆر لەمێژیشە گوتوویانە: بێگانەی ئێستا دۆستی پارم، بەڵام خۆشبەختانە ئەوەی بەدرخان پێچەوانەی ئەوەیەو، بێگانەی پار دۆستی ئەمساڵن!!.

● لە پەیمانگای هونەرەجوانەکانی هەولێر لەسەر لەبەرکردنی جلوبەرگی کوردی قوتابییەک ریسوادەکرێت و هەڕەشەی دەرکردنی لێدەکرێت، ئەمە لەکاتێکدا کە لە زۆربەی وڵاتانی عەرەبی بە عەگال و جیشداشەی دەوامی فەرمی خۆیان دەکەن، هەروەها لەکۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووری لەسەرئەوەی کە مامۆستایەک کتێبێکی ئابووری بەزمانی شیرینی کوردی دەردەکا، لێیدەکەن بەهەڵڵاو هەڕەشەی کێشانەوەی کتێبەکەی لەکۆلێژ لێدەکەن!!.

● بڕوانامە لەوڵاتی ئێمە بەجارێ ڕەسیدی دابەزیوە، ڕەنگە لەماوەیەکی کەمدا وەکو وڵاتانی "خەلیجی"مان، لێبێت، ئەوان زۆربەی هەرە زۆریان بڕوانامەی بەرز بەرزیان هەیەو هەمووشیان دەست و پێ سپینە لە دینای عیلم و مەعریفەدا، لای خۆشمان بڕوانامە بەجارێ زۆر بووە، هەر هێندە دەزانیت کە فلانە بەرپرسی فلانە... لەکۆلێژ دەوام دەکات، بەبێ ئەوەی کەس بزانێت کە ئاخۆ جەنابیان کەی و لەکوێ شەشی ئامادەییان تەواوکردووە، گوایە هەر لەوڕۆژانە لە هەنگاوێکی چاوەڕواننەکراودا یەکێ لەو بەرپرسانە، بڕوانامەیەکی شەشەمی ئامادەیی لە حەویجە بۆ هاتووە!!

مرۆ

٧٨

حەمید ئەبوبەکر بەدرخان

## بەخێرهاتیەوە کوڕی کوردان

لەچاوەڕوانی تۆدا، بەسەدان هەزار خەڵکی کوردستان چاوەڕوانی گەڕانەوەت بوون، کە زەنگی تەلەفۆن لێدراو و گوتیان: کوڕی کورد، کوڕی کوردستان، ئەو پیاوەی لە ڕۆژە سەختەکانی کوردستان، لەگەڵ خەم و ئازاری میللەتەکەی دەژیا، ئەو حوکمڕانەی کە لەسەردەمی ئەو لەبەرانبەر نەتەوەکەی ئەنجامی دەدا، دێتەوە.. دێتەوەو ئەمجارەیان لەجاران باشترو بەگوڕترو خزمەتگوزارتر هەردەم ئۆقرەناگرێ، پێش سەفەر، کرێکاران، جوتیاران، مامۆستایان، سیاستمەدارو خوێندکارو پارێزەرەکان و فەرمانبەرو پەرلەمانتارو دبلۆمات و مافناس و ئەندازیار و کاسبکار و سەرمایەداران و دایکی شەهیدان و هەموو توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگای کوردەواری و جیهانی و مرۆڤایەتی لەبەرامبەر کەناڵەکانی ڕاگەیاندن غەمبار دەبوون، دەگریان، سەدان کەس تف و نەعلەتیان ئاراستەی زوومی کامێراکان دەکرد، هەموو خەمیان ئەوەبوو، کەچۆن دەبێ، ئەو سەرکردە نەبەزیوە، تێکۆشەرە، خەباتگێرە، کە ڕۆژی خستبووە سەرشەو بۆ بەئەنجام گەیاندنی پەیامی خزمەتگوزاری بۆ میللەتەکەی. ئەو وشەی"نا"ی لە ئەتەکێتی ژیانی ڕۆژانەو قوڕگی دەرهێنابوو، ئەو دەیخواست هەرچۆنێ بێ میللەت ڕازی بێ، چونکە خەبات و بەرخودانی میللەت هەوێنی سەرکەوتنەکانیەتی لەژیانی سیاسی و ئیداریدا.

بەڕێز کاک کۆسرەت:

نەتدید هەموو ئەوکەسانەی لەشارە دوور دوورەکانەوە بەپێ هاتبوون بۆ پێشوازی و بەخێرهاتنەوەت، نەتدید کوڕانی"هەولێر و دهۆک و سلێمانی و کەرکووک و شارەکانی دیکەی عێراق و هەموو نەتەوەکانی دیکە هاتبوون، تەنیاو تەنیا بەخێرهاتنەوەت بکەن و هیچ بەرژوەندییەکیان لەگەڵ تۆدا نییە. نەتدید هەموو ئەوانەی لەبەردەم دەرگای فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی لەکاتژمێر ٨ی بەیانی لەچاوەڕوانی تۆدابوون کە چانسی هاتنەژوورەوەیان نەبوو. نەتدید هەموو ئەوانەی کە زۆریان بۆهات بەرگەی برسیەتی و تینویەتیان گرت، کە فڕۆکەکەت دواکەوت و تا دواکاتیش لە پێشوازی بینینی تۆبوون، کە قسەیان بۆ بکەیت، سەرەنجام لەبەردەم بارەگای"م.س"ی "ی.ن.ک".. چاویان بەبەڕێزت کەوت.

نەتدید هەموو ئەوکەسانەی کە"نەپارەو نە ئۆتۆمبێل و نە خانوو نە کۆشک و نە باڵەخانەی ڕازاوەیان هەیە؟ لەبەرامبەر ئەوەی شتێک پارە پەیابکەن و کرێی ئۆتۆمبێل بدەن لەهەولێر و شوێنی دیکە بگەنە خزمەت بەڕێزت".

تۆ گەورەی بەقەد قەڵا، تۆ خۆشەویستی جەماوەری، دڵنیاش بە، هەر سەرکردەیەک، میللەتی لەگەڵدابێ، جەماوەری لەگەڵدابێ سەردەکەوێ، ویژدانی ئاسوودە دەبێ.

**بەڕێز کاک کۆسرەت:**

زۆرێک تۆیان خۆشدەوێ کە لە حزبەکەت نین و، هاتبوونە پێشوازیت.. زۆریان هاتبوون لەبەرئەوە تۆیان قبووڵەو دەستەو نەزەر لە بەرامبەر کاروخەبات و ژیانی ڕۆژانەت وەستاون..

ئەوڕۆژە خۆزگە دەتدیت کەچۆن کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوانی کوردستان، لە بەرامبەر گەیشتنەوەت بۆ خاکی کوردستان، چۆن بەتاسەوە بە موبایلەکانیان تەلەفۆنیان دەکرد و دەیانگوت: زۆر ئاساییە با سەعات ١١ی بەیانی نەگات با سەعات ١ی نیوەڕۆ بگات، یا دوایی گوتیان ٤ی دوای عەسر دەگات، هەموویان تێکڕا دەیانگوت: ئێمە بۆ زەماوەند هاتووین، ئەگەر ٧٢سەعاتیش لەچاوەڕوانیدابین، هێشتا کەمەو چونکە کورد یەک کۆسرەتی هەیە...

لەکۆتاییدا دەخوازم بێژم: هەموو میللەتێک بە سەرکردەکەیەوە جوانەو دەتوانێ پێشبکەوێ و کۆمەڵگا لەقەیران ڕزگاربکات، بۆیە هەردەبێ لەسەردەستی ئێوەش ماددەی١٤٠ی دەستوور تایبەت بەشاری کەرکووکی کوردستان جێبەجێ ببێ... بەخێر بێیتەوە.